# پشتیوانی لە نارەزایی دەربرینی وەزیری رۆشنبیری کوردستان

پشتیوانی لەو نارەزایی دەربرینەی وەزیری رۆشنبیری کوردستان دەکەین، سەبارەت بە حوکمی لە سێدارەدانی (عەدنان حسەن پور وهیوا بۆتیمار) کە تێیدا هاتووە ئەوە پێشێلکارییەو دژ بە مافی مرۆڤ و ئازادی بیرورا دەربرین لە رۆژهەلاتی کوردستان.

1- بەو بۆنەیەوە کۆمەلێك لە رۆشنبیرەکانی کورد لە دەرەوەی ولات پشتیوانی خۆیان دەردەبرن بۆ لێدوانەکەی کاك (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیریرۆشنبیری کوردستان.

هاوولاتیان ئازادیخواز

جارێکی تر رژێمی ئیسلامی ئێران و دەزگا سەرکوتکەرەکانی و بکوژەکانی خۆی زیاتر کارا کردووە هەر دەنگێکی حەقخواز لەناو قورگدا دەخنکێنێ

هەر دوێنێ وتارێکمان لە بارەی گەلان و مەسەلەی ئازربایجان خوێندەوە، کە ئاماژەی پێکرابوو زۆرترین ئاماری چەوسانەوەو بەردباران کردن لە پاش ئیقلانی (1979) لە ئازربایجان بووە، ئێستاکەش رۆژنامەنووس و پەیامنێران داکۆکی کارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، کە بێجگە لە قەڵەمی خۆیان هیچ کارێکی نارەوا و ناپاسایان نەکردووە و بوونەتە ئامانجی تیری ژەهراوی رژێمی ئێران لەو رۆژانەدا (16) کەس لە بەلوجستان بە تاوانی تێکدەر لەسێدارەدران.

روون و ئاشکرایە کە رژێم بە باس و خواس و ئەو هەموو بروپاگندەیە. کە بەناوی دژومنانی خارجی دەیکات، لەوەدا دیارە ئامانجی لەو پروپاگندەیە، ترسە لەخودی ئەو خەلکەی کە لە مەنتیق تێدەگات و سام گرتوویەتی.

هەر لەبەر ئەوەشە دەستی کردووە بە چاوشکاندن و تۆلە سەندنەوە، لەکەسانی داکۆکی کار لە مافی مرۆڤ و نووسەران و رۆژنامەنووسانی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران کە بەرگری لەمافی مرۆڤ دەکەن و دەیانەوێ بەشێوەیەکی ئاشتخوازنە بگەنە سەربەخۆیی و مافی چارەنووس.

بۆیە لە 2007/7/17 رۆژنامەنووسێك بەناوی (عەدنان حەسەن پور و و هیوا بوتیمار) لە دادگای سنە سزای لە سێدارەدانیان بۆ برایەوە.

دەبێت ئێمە لەهەموو ئەو کەسانەی کە داوای ماف و ئازادی دەکەن و نوێنەری خەلکن لەسەرتاسەری دونیادا، وەهەروەها لە وەزیرو رۆشنبیرانی کورد داواکارین، هەروەك وەزیری رۆشنبیری حکومەتی کوردستان دەنگی خۆیان بۆ نارەزایی دەربرین لەسەر ئەو ناعەدالەتیەی جمهوری ئیسلامی ئێران بەرزبکەنەوەو نەهێلێن ئەوکەسانە راپێچی سێدارە بکرێن.

ئێمە بە نوێنەرایەتی لەلایەن کۆمەلەی رۆشنبیرانی پارسان وئەندامانی ئەنجوومەنی رۆشنبیری کۆمەلەی پارسان لە دەرەوەی ولات،

گولمۆراد موورادی کە یەکێکەلە مامۆستایانی ئەنجومەنی قەلەمی ئیران و رێکخراوەکە و وتەبێژی ئەنجومەن رۆشنبیری کۆمەلەی پارسانەو چالاکوانی سیاسیە لە دەرەوەی ولات وەهەروەها نووسەرو تێکۆشەری ساسیی (سیامەکی نەجەفی) شاعیرو نووسەری کورد ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری پارسان لەدەرەوەی ولات

لە جیاتی زیاتر لە (55) ئەندامانی ئەنجومەنی پاراسان لەدەرەوەی ولات

**ئەمەش دەقی نارەزاییەکەیە**

**نارەزای دەبیرینی وەزیری رۆشنبیری کوردستان بەرامبەر بە حوکمی ئیعدامی نارەزایانی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستانی**

بەرێز (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆشنبیری حکومەتی کوردستان لە بەیاننامەیێکدا دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ

عەدنان حەسەن پور ڕۆژنامەنگەری سەربەخۆ و هیوا بۆتیمار لەتێکۆشەرانی بواری مەدەنیلەرۆژهەلأتی کوردستانی مەحکوم دەکات.

وەزیری رۆشنبیری لەم بەیاننامەدا دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ ئەم دوو ڕۆژنامەنووس و خەباتگێڕانی مەدەنی رۆژهەلأتی  کوردستان بەستسمێکی ناڕەوا دادەنێ و خوازیاری ئەوەیە کە بەزووترین کات ئازاد بکرێن.

لەم بەیاننامەیەدا بەروونی ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە سەبارەت بە ئازارو ئەشکەنجەدانی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بە کوردی دەنووسن و وتوێژ دەکەن بەتایبەتی لەو ولأتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە پروتستۆدەکەین و ناڕەزایەتی خۆمان دەردەبڕین، بۆیە داوا دەکەین بەزووترین کات پێش بەم جۆرە کردەوە نامرۆڤایەتیانە بگیرێت.

(لەسایتی: تەها پارس) وەرگیراوە.